



# چاویلکەی گەورە، مۆدەیە لە هاوینی ئەمساڵدا

بەرەو وەزری هاوین دەچین، ئیتر کەشوهەوا گەرم دەبێ تیشکی خۆریش بەهێزتردەبێ، بۆیە دەبێ خانمان پارێزگاری لەجەستەو جوانی خۆیان بکەن وبەگشت کەرەستەوجلەکانەوە بەرێك و پێکی خۆیان دەربخەن، بەهۆی ئەوەی جەستەی خانمان ناسکەو ئیتر پێویستی بە ئاگا لێبوون دەبێ، چاوەکان یەکێکن لەو ئەندامە هەستیارانەی کە بەرگەی تیشکی خۆرناگرن، بۆیە چاویلکەکان سوودمەند دەبن لەدوولایەنەوە، یەکێکیان بۆ پاراستنی چاوەکان لەتیشکی خۆر، ئەوەی دیکەشیان بۆ مۆدەیەکی جوانکاری ڕەوانن، چاویلکەکان بۆ مۆدەی ئەم وەرزەگەرمە، شێوەی گەورە وەردەگرن و دیمەنێکی ڕازاوە دەبەخشن، بەجۆرێك شیاوی جوانییەکی ڕازاوە بن لە چاوی خانمانەوە، هەوڵ بدە چاویلکەی چاوەکانت لەم جۆرە شێوازە بێت کە لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەگونجێت.

# کراسی بووک لە ڕەنگی سپی و ڕەش!



کراسە جوانەکانی خانمانی بووک هەردەم بەرەو گۆڕانکاری و کاری تازە ڕێگە دەگرنە بەر، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی ئەو کراسانەوە سوود لە مۆدە تازەکان وەربگرین کە جێگەی جوانی و شایستەیی دەبن لە ڕۆژی ئاهەنگدا، تەنانەت شێوازی لەم جۆرە بەدلە تازانە، خۆیان بە مۆدەیەکی جوان بۆ جوانی جەستەی خانمانی بووک قەشەنگن، یەکێك لە مۆدە تازەکان بریتییە لە کراسی سەر ڕەش، کە بەشی سەرەوەی کە سینگەکەیەتی، لە پارچەیەکی ڕەش پێکهاتووە و تەنانەت ئەوەش بۆ جوانکاری دەبێ، کاری ئەو بەشە ڕەشە بۆ ڕازاندنەوەی بەشی سەرەوەیە، هەروەها مەبەست لەوەش جوان دەرخستنی ڕەنگی سپی بەشی خوارەوەیەو کە وادەکات جوانییەکی گەورە ببەخشێ و لە نزیکەوە تێکەڵەی نێوان مۆدەکانیان دەربخات و کراوەیی لە جوانییان بێ و کاری لەم جۆرەش وادەکات کە کراسێکی ڕازاوە و بە دوو ڕەنگەوەی لێوە دەربچێ و شایستەی جوانییەکی گەورە بێ.

# سەندەڵی بێ پاژنە بۆ وەرزی گەرما

وەرزی هاوین پێویستی بە کەرەستەکانی هاوینەیە، کە یارمەتیدەری خانمانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەمەش وادەکات کە خانمان بیر لە کارەکان بکەنەوە وبتوانن ئەوەی پێویستە جێگەی جوانی و سادەیی بێ، یەکێك لەو ئێکسسوارە پێویستانە بریتییە لە سەندڵە جوانەکان بۆ ماڵ، شێوەی ئەو سەندڵانە شێوەیەکی بەرچاو و یارمەتیدەر دەبێ لە کاروباری ماڵەوەدا، تەنانەت وادەکات قاچەکان شێوەی نەرمی خۆیان لە دەست نەدەن و هەردەم بەر هەوا بکەون. شێوەی ئەو سەندڵانە جوانتر دەبێ کاتێك ڕەنگاوڕەنگیان پێوە دیارە، یان شێوەیەکی بەرچاو دەگرنە ئەستۆ، بۆیە ئەم شێوازە لەگەڵ ئەوەی هێمای مێینەی پێوە دیارەو شێوەیەکی ناسك لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی تەندروستە بۆ جەستەت و کار دەکات لەسەر حەسانەوەی قاچەکان و پشتت، ئەو سەندڵانە هەڵبژێرە کە پاژنەیان نییە و جوانیی خۆی هەیە.





گوڵان
بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560

# لێوت بە ڕەنگی پەمەیی و بریقەدارەوە بڕازێنەوە



ماکیاژەکان بۆ سەرخستنی هەنگاوەکانی جوانیت کارێکی ئەوتۆیان پێویستە، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە جێگەی جوانی و ڕازاوەیی بێ، بۆیە دەکرێ کار بکەین لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی ئەو جۆرە مۆدەیە کە لەگەڵ نەشۆنمای شێوازی جوانییەکان گونجاو و ڕێکخراو بێ، یەکێك لەهەنگاوەکان بریتیین لە جوانی و ماکیاژی لێو، نەرمی و نیانی و مۆدەیەکی ڕازاوەی پێویستە بۆ ئەو جوانییە شاراوەیەی کە دەکەوێتە بەرچاو.

ڕەنگەکان بۆ جوانی لێو بریتییە لە (سوور و پەمەیی و قاوەیی کاڵ و وەنەوشەیی) دەکرێ ڕەنگی دیکەش بەکاربهێنین، بەڵام شای ڕەنگەکان بریتییە لە ڕەنگی پەمەیی، کە جوانیەکەی کراوەیە و لە دوورەوە ڕەنگێکی جوانیش بە جوانی ڕووخسار دەبەخشێت، هەوڵبدە لەنزیکەوە لێوەکان بە بریقە و ڕەنگێکی پەمەیی سادەوە کراوەوە دەربکەون.



## کراسە کوردییەکان لە مۆدەی کۆن

کراسە کوردەوارییەکان هەردەم جێگەی جوانی و کراوەیی بوون لە مۆدەکانی جلوبەرگ و ئێکسسواری ئافرەتاندا، مۆدەکانی پێشوو شێوازێکی جوان و نەخشێکی ناسکیان بەخۆوە گرتووە، ئێستا ئەم کراسانە وەك شێوازێك لە مۆدە تایبەتیەکانی ئەو سەردەمە کاری جوانکاری تازەی لەسەر دەکرێ، ئەوەی دەیبینن کراسێکی کوردی مۆدەکۆنە، کە شێوەیەکی سادەو ساکاری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ستایلی کراسە کوردییە مۆدەکانی ئەو سەردەمە شێوەیان دەچێتەوە سەر ئەو جۆرە کراسە، کە لە دوو بەش پێکهاتووەو ئەو پارچەیەی سەرەوە دەکرێتەوە و دادەخرێ، لەگەڵ سەڵتەکەی ژوورەوە بەشێوەیەکی کراوە دەردەکەوێ و دەبێتە مۆدەیەکی ناسك بۆجەستەی خانمان.



## ئێکسسوارەکان دەستەکانت جوانتر دەردەخەن





ئێکسسوارەکان جێگەیەکی گرنگ دەگرن لە جوانی جەستەی خانماندا، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ئێکسسوارانە دەبێ کە لە جەستەی خانمان دەخرێن، هەر ئێکسسوارێك جوانی خۆی دەردەخات و دەبێتە شێوازێك لە جوانیدا یەکێك لە تازەترین ئێکسسوارەکان بریتییە لەو ئێکسسوارانەی لە دەست و مەچەك دەخرێن. شێوەو مۆدەیەکی تازەیان هەیە، ئێکسسواری ناسك دەستەکان زیاتر ڕازاوەتر و جوانتر دەردەخەن، دەکرێ لە ڕێگەی ئەو ئێکسسوارانەوە جوانی نینۆك و دەست بە شێوەیەکی بەرچاو دەربکەون، تەنانەت لە جوانییەکی کراوەشدا دیاربن، زیاتر ئەو ئێکسسوارانەی لە دەست دەخرێن بریتین لە بازنگ و قایش و ئەڵقە، شێوەی دیکەش دەخرێتە سەر پەنجەکان، ئەوانەش بۆتە مۆدەیەکی باوو پڕ بەها لە دەستی خانماندا.

# سیاسەتمەداره عاشقەکە!







سیاسەتمەدارنی جیهان ئەوەندە ئاگاداری خۆیـــان دەبن، لە مامە ڵە کردنیان لەگەڵ خەڵکدا بۆ ئەوەی تووشـــی گرفت نەبن، کەچی وادیارە ســـەرۆکی وەزیرانی ئیتاڵیا خـــۆی لەو کێشـــانە نزیك دەکاتـــەوە، بە سەرۆکە ژنانییەکە ناوبانگی دەرکردووە، کە شەو و ڕۆژی تەنیا بیرکردنەوەیە لە ئافرەت و کچی جوان، تا ئێســـتا لەگەڵ نزیکەی (٥٠) ئافـــرەت و کچـــدا خۆشەویســـتی کردووە و بەردەوامیشـــە، ئەویش (سیلڤیۆ بەرسلکۆنیە) کە سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا و ســـەرۆکی یانەی ئەی ســـی میلانی ئیتاڵیە. لـــە دوا کارە گەندەڵییەکانی ئەو سیاسەتمەدارە عاشقە،لەمدواییەدا لەگەڵ کچە هەرزەکارێکی وڵاتی مەغریبدا بووە، نزیکـــەی (٧) هەزار یـــۆرۆی پێداوە بۆ ئەوەی تەنیا شەوێك لەگەڵیدا خۆشەویستی بکات.


## دروســـ

وەك ئامێرێکـــی کوردەواری کـــۆن و دێرینە کـــە بیرۆکـــەی کورد بـــووەو لە شـــێوەی (دەڕاســـە) کارە دەکات، لـــە دار و بزماری گەورە و ئاســـن دروست دەکرێ، تۆپێك هەیە لەخـــوارەوەی دەخســـترێ و پێیدەڵێن تۆپی جەنجەڕی کە دارێکی ئەســـتوورە (٣٠ یان ٣٢) باڵتە جەنجەری پێوەیەو دەســـووڕێت و وەك چەقـــۆ وایەو ســـەرەکانی تیژە، کاری ئـــەو باڵتانە وردکردنی ئەو قەســـەرەیە کە لەســـەری دەڕوات، ئەمسەرئەوسەری کونەو جەنجەڕەکەش کلچوکەی هەیە و دەچێتە ناو دارەکەوە، دەسووڕێت قەسەرەکە ورد دەکات، ئەولاو ئـــەولای حوشـــترەی جەنجەر، دەغر دەهێنرێ و هێستر رایدەکێشی و دەسووڕێت، هەرچەندە قشـــەکە وردتـــر دەکات و تیژ تر دەبێ، دەبـــێ چەور بکرێ نـــەوەك ژەنگ هەڵبهێنێ، زیاتر بە دوو ئێســـتر یان گا یان کەر بۆ راکێشێ جەنجەرەکە بەکاردەهێنرێت، لەکوردستان دروست دەکرێت و هەیە و کاری پێکراوە، پێش دەراسە پەیدا بووە، ئێستا کاری پێدەکرێ لەو شوێنانەی کە دەراسە نایگاتێ، پێـــش جەنجەڕ (چان) هەبووە، چان لە دار و کەبەر جۆرە دڕکێکە چاك دەکرا و توند دەکرا و لە هێســـتر دەخرا بۆ ئەوەی گەنم و جۆ لە قەســـەرەکە جیا ببێتەوە. کایەکەی سەرەوە بۆ گیاندارانە و ئەوەی لە خـــوارەوە دەمێنێتەوە دەبێتە جۆ و گەنمی ساف.

# کامێرا بچووک و شاراوەکان

تەکنۆلۆژیا ئەمڕۆ ســـەرتاپای جیهانـــی داگیرکردووە، تەنانـــەت لەگشـــت شـــوێن و ماڵێکـــدا پارچەیەکی تەکنەلۆژیایـــی هەیـــە، هەر یەکەش بـــە گوێرەی کارەکانی خۆی ســـوودیان هەیەو کار ئاســـانی بۆ مرۆڤ دەکەن، بەڵام هەندێکیان زیانیشـــیان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا دەبێ هۆشـــیاری خۆمان وەربگرین لە زیانەکانی تەکنۆلۆژیادا. یەکێك لە ئامێرە بەســـوود و زیان بەخشەکان بریتییە لە (کامێرا)، کە چەندەها شێوەی بچووك و گەورەی هەیە. ئەو جۆرە تەکنۆلۆژیایە بۆ کاری بەسوود و خراپ بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت ئافرەتان کە بۆیان نەشـــیاوە وێنەیان بگیرێت ئەمەش وەك کارێکی خراپ بۆیان دەکەوێتەوە، ئەو چەند نموونەیە شـــوێنی کامێرا بچـــووك و شـــاراوەکان دەردەخـــات و دەکـــرێ بـــە وردییەوە ئاشکرا بکرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەبێ ئەوانەی لە زوومی کامێراکان دەترسن، لەم جۆرە کامێرایە ئاگاداربن.








## بەندیخانەی

بەندیخانە شوێنێکە بۆ چاکسازی بەکاردەهێنرێ، تاوەکو ئەو کەســـانەی کارێك یان تاوانێك ئەنجام دەدەن، لێی پەشیمان ببنەوە ئیتر نەگەڕێنەوە سەر ئەو کارەی پێشـــوویان، بەندیخانەکان بە گوێرەی یاسا و پرەنســـیپی ئەو وڵاتە دەگۆڕێ کە کاری لەسەر دەکرێ، هەریەکە بەپێی کاروباری خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ بەندییەکان دەکەن، ئەوەی ســـەیر بێ لە هەندێك بەندیخانەی جیهان، شـــتی سەیر



## ـــتكردنی جـەنـجـەڕ هـێـمـایەكـە بۆ زیرەكی كورد



## كراسێكی بووك لە دراو!



كارە سەیرەكان بە شێوازەی جیاجیا دەردەكەون، ئەمەش لە كاتێكدایە بیرۆكەكان دەچنە واری جێبەجێكردنەوە، بیرۆكەی سەیری خانمێكی وڵاتی هەنگاریا بوو تا كراسـێكی بووكێنی خۆی لە دراوەكان دروست بـكات، سـەرەتای یەك لەوانەیـە بیرۆكەكەی ئەوەبوو كە كراسێك لە گشـت جۆرە دراوەكانی وڵاتانـی جیهانی بـێ، بەڵام بەهـۆی زۆری دراوەكانەوە، نەدەتوانرا كراسەكە بە ئاسانی چاك بكرێ، ئەم خانمە ناوی (میانا سـویتش)ە و بیرۆكەكەی لەلایەن دیزاینەرێكی ئەو وڵاتەوە خرایە قۆناغەكانی دروست كردنەوە، ئیتر دیزاینەرەكە توانی كراسـێكی جوان بۆ ئەو خانمە دروسـت بكات لە دراوی (یۆرۆ)ی ئەوروپی، بۆیە ئەو خانمە بڕیـاری داوە لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆیدا بیپۆشێت.

## (٥) ئەستێرەیی

دەبینرێـت، كە لـە بەندیخانە ناچێـت و بەڵكو ئوتێلێكـی (٥) ئەسـتێرەییە بۆ خـۆی. ئەوەی دەیبینن ئافرەتێكە لـە بەندیخانەیەكی تایبەت بە ئافرەتانەیە لە وڵاتی ئەڵمانیا، كە گشت كەرەستە و شـوێنێكی خۆشـی بۆ دابین كراوە، تەنانەت كافیتریا و گازینۆشـی لێیە، تـا كاتێك بەندییە ئافرەتەكان بێزار ببن، ڕوو لەوێ بكەن بۆ كاتێكی خۆشبەسەربردن و خواردنەوە.




## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



لەرووی پیشەییەوە پلانەکانت گۆڕانکاریان بەسەردادێت. بەیارمەتی دۆستێکی دڵسۆزت ئاواتێکت دێتەدی، بەڵام قەدری ئەو چاکەیە بزانە کەلەگەڵی کردووی.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




پێشینان وتویانە پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە . سوود لەم پەندە وەربگرەو دەست بڵاو مەبە. گەیشتن بەئامانج هەوڵ و کۆششی دەوێت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



منداڵ ژیانت پڕ دەکەن لەشادی. لەکاروباری بازرگانی و داراییدا بەهێمنی بڕیار بدە . بڕێك پارەت دەست دەکەوێت ..گرنگ ئەوەیە بزانی چۆن بەکاریان دەهێنیت، دەبێت زۆر وریا بیت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



لەگەڵ کەسی توندڕەودا موناقەشە ئاکامەکەی باش نابێت. خۆتی لێ بەدوور بگرە. نەکاتی تووشی هەڵەو زیان بیت. ئەمڕۆ ڕۆژێکی باشە بۆ کڕینی پێداویستیەکانت.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ئاگاداری باری داراییت بە. هەندێك خەرجی چاوەڕوان نەکراو بەڕێوەیە. گومان خۆشەویستی دەکوژێ.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



هاوڕێیەکی دڵسۆزت پێوەندیت پێوە دەکاتء دەرفەتی قازانجێکی باشت بۆ دەڕەخسێت. ئەم دەرفەتە لەدەست خۆت مەدە.

# (١٤) کەس لەناو ئوتۆمبێلێکی بچووک




لە سەیرترین تاقیکردنەوەکاندا بۆ خۆشی، بریتی بوو لەو تاقیکردنەوەیەی کە چەند کەس دەتوانێ بچێتە ناو ئوتۆمبێلێکی بچووکەوە، لە شاری پاریس بە بەرچاوی کۆمەڵێك خەڵکەوە، (١٤) کەس توانییان خۆیان بخەنە ناو ئوتۆمبێلێکی جۆری (فیات)ی بچووکەوە کە بە (مینی فیات) ناسراوە، ئەوەی سەیر بێ کاتێك کەسەکان لەناو ئوتۆمبێلەکە بوون، کەس دەست و قاچی خۆی نەدەناسییەوە!

# یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوچەیەکی تایبەت بە هۆزێکی کوردیت بۆ دەربچێ .

ە - و - هـ - ن - ر - ا - م

وەڵامی ژمارەی پێشوو (بێخاڵ)



## نوکته

دوو برا دوو خوشک ئەخوازن کاتێک مارەدەکرێن برایەکیان بە براکەی تری دەڵێ: لێدەوە. بووینە خزم..


❊❊❊

- ژنێک بەپیاوەکەی دەڵێت ئادەی پیاوەکە ئەو بەلوعەیەم بۆ چاک بکەرەوە
پیاوەکە ئەڵێت بۆ من بەلوعەچیم
ژنەکە: ئەو دەرگایەم بۆ چاک بکە
پیاوەکە :بۆ دارتاشم
بەیانی پیاوەکە دێتەوە هەردووکیان چاک بوونەتەوە
بە ژنەکەی ئەڵێت کێ چاکی کردۆتەوە
ژنەکە ئەڵێت ئەو کوڕەی دراوسێمان پێی وتم هیچت ناوێت، وتم ئەوانەم بۆ چاک کەرەوە
ئەویش وتی بەشەرتێک یا برنج و شلەیەکم بدەرێ یان ماچێک
پیاوەکە:تەبعەن برنج و شلەکەت بۆ کرد
ژنەکە : بۆ مەتعەمم داناوە!!!

## وێنەی جیاواز



بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو وێنەیە بدۆزەرەوە




ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەیی

## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچ کردووە(پ).
٢- کچە گۆرانی بێژێکی کوردە(پ).
٣- دوو پیتی حوت- مەکی (ت)- نیوەی وێلر.
٤- بێ دەنگە(پ)- چوار پیتی بێوەی (- زار(پ).
٥- سیاسەت مەدارێکی کوردە.
٦- پیتێکی مۆسیقایە(پ)- سەربەخۆ بە عەرەبی (پ).
٧- شاعیرێکی کورد بوو — زیز.
٨- نیوەی عورف- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە(پ)١ - نەخۆشێکە (پ).
٩- کەنیشت(پ) — ئازا(پ) — نیوەی وەرە.
١٠- ڤینە- مۆسیقاژەنێکی جیهانی بوو- کامە.
١١- وەکو یەك.
١٢- ئەکتەرێکی شاری هەولێر.

## ستوونی:

١- گۆرانی بێژێکی کوردی کۆچ کردووە.
٢- یاریزانێکی هۆڵەندی بوو(پ).
٣- نیوەی هەلۆ- دوو پیتی حکیم- ژمارە یەکە.
٤- دەم و چاو- ناوێکی کوڕانە- باڵندە.
٥- گۆرانی بێژێکی کوردە(پ)- پایتەختی ئەفریقیایە.
٦- دەرزی (ت) — ئاڵتون(پ).
٧- پایتەختی عەرەبییە(پ)- ئاخافت.
٨- یانەیەکی قەتەری یە(پ)- شارۆچکەیەکی کوردستان(پ).
٩- نیوەی سالم- پەیامبەرێکە(ت)- گەردەلوول.
١٠- تۆ(پ) — ئێمە(پ)- وەکو یەك .
١١- شارێکە لە ئەمەریکا(پ).
١٢- گۆرانی بێژێکی کوردە.

## بەسەرهاتێکی سەیر و خۆش!

- کچێکی چەقاوەسو (هار و عەجول)لە مەکتەب دەرناچێت ئەو ساڵە لە خوێندن کەوتووە و نازانێت چۆن بە دایکی بڵێت لە تاوا ماڵ بەجێ ئەهێڵێت و نامەیەک بۆ دایکی بەجێ ئەهێڵێت


دایکی بە دوایدا ئەگەڕێت و نایدۆزێتەوە نامەکە ئەبینێت نووسراوە تیایدا:

دایە گیان من بڕیارمدا لەماڵەوە هەڵبێم ولەگەڵ کوڕێکدا ڕابکەم چونکە سکم هەیە لێی و کوڕەکەش توشی ئایدز بووە بۆیە ناچارین بچین بۆ خاریج، دایە گیان ئەو کوڕە تلیاک خۆرە بۆیە منیش فێر بووم لەوەوە گەر منت نەبینیەوە بە دوای مناڵەکانمدا بگەڕێ..

کچەکە لە بەشی خوارەوەی نامەکە نووسیویەتی: -

تێبینی : دایە گیان ئەمانە هەمووی بۆ خۆشی بوو من لەو ماڵەی دراوسێمانم بەس بزانە بەڵای زۆر گەورەتر هەیە لەوەی کە ساڵێک بکەوم لە مەکتەب...

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




کێشەیەکی کۆن سەرهەڵدەداتەوەو بارودۆخی نێو خێزانەکەت دەشلەژێنێت. ئەمڕۆ دەتوانیت ڕای خۆت بەسەر بەرامبەرەکەت بسەپێنیت .

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



خۆت خستۆتە گێژاوێك لەبێمتمانەیی. پەیوەندی بکە بەدۆستێکی دڵسۆزت یارمەتیت بدات و ڕێنماییت بکات. سەفەرکردن لەم قۆناغە باش نییە.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



هەوڵ بدە گرفتە ڕۆژانەییەکانت چارەسەر بکەیت تا بتوانیت لەبواری کۆمەڵاتی و پیشەییدا هەنگاوی سەرکەوتووانە بهاوێژیت.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



نە مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوەو نەخۆڵەمێشی ئەوینێکی دامرکاو جارێکی دیکە گڕدەگرێتەوە . واقعبین بەو بەدوای کڵاوی بابردوو مەکە. ئەوەی ڕۆیشت ناگەڕێتەوە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



خۆشەویستی بەهێزەوە لە دەرگای دڵت دەداتەوە، بۆخۆتی لێ نەناس دەکەیت..؟

سۆزی ڕاستەقینە لەناخی پاك و بێگەردەوە هەڵدەقوولێت.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەمڕۆش وەکو دوێنێ باری دەروونیت باش نییە. ڕاکردن لەرووبەڕووبوونەوە چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانت ناکات ..خۆت چارەسەری خۆت بکەی باشترە لەوەی لەکەسانی دەوروبەرت چارەت بۆ بدۆزنەوە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کۆیە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | |
|---|---|---|
| | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (یەك بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێناسەکردنی شت چی پێدەڵێن)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ئا)
- پیتی خانەکانی (٣+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کۆن)

